# کچان لە پڕۆژەی توانا‌سازی تەریک دەخرێن

پڕۆژەی توانا‌سازی بە یەکێک لە پڕۆژە سوودبەخشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تاک و کۆمەڵگە هەژمار دەکرێ، بەڵام ئەوەی جێی تێڕامان و هەڵوەستەلەسەر کردنە، ئەوەیە کە ئافرەتان لەو بوارەدا خۆیان بە بێبەشکراو دەزانن و ئاماژە بەوە دەکەن کە بۆ سوودمەندبوون لەو پڕۆژەیە جیاکاری دەکرێ و بە دەگمەن ئاوڕێک لە ئافرەتان دەدرێتەوە. پەرلەمانتارێکیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەرلەمانی کوردستان لە پاڵپشتی پڕۆژەکەدا هیچ جیاوازییەکی لەنێوان ڕەگەزەکان نەکردووە، بەڵام زۆر خێزان هەن کە ئامادەنین کچەکەیان بۆ خوێندن ڕوو لە دەرەوەی وڵات بکات.






## بە هۆی نەریتەوە بە کچ ڕەوا نابینن بۆ خوێندن سەردانی دەرەوەی وڵات بکات

«بێبەشکردنی ئافرەت لەپرۆسەی تواناسازی بەهۆی ڕەگەزەوە نییە، بەڵکو بەهۆی ئەوەیە کە تاچەند دەتوانێت بەشێوەیەك لەشێوەکان وا لەبەرپرسی یەکەمی بکات، کە بۆ ئەو پرۆسەیە کاندیدی بکات، حکومەتیش نەیتوانیوە وەك پێویست ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی عادیلانە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، واتە لە لایەك حکومەت فشاری نەخستووەتە سەر فەرمانگەکان کە فەرمانبەری خۆیان بەبێ جیاوازی ڕەگەزی بۆ پرۆژەی تواناسازی دەستنیشان بکەن، لەلایەکی دیکەشەوە هەندێك پسپۆڕی گرنگی زۆریان پێدەدرێت و هەندێکیش بەتەواوەتی پشتگوێ خراون». ئەوە دەستپێکی قسەکانی سۆنیا غەفووری تەمەن ٢٨ ساڵ بوو. ئەو کچێکی فەرمانبەرەو وەك خۆی باسیکرد، تا ئێستا هاوسەرگیری نەکردووە. هەر سەبارەت بە پرۆژەی تواناسازی و بێبەشبوونی ئافرەتان لەو پرۆژەیە وتی «بێگومان جیا لەوەی حکومەت گیرۆدەی سیستەمی باوکسالارییە، کۆمەڵگە و خێزانیش بە هۆی هەندێك نەریتەوە بەمافی کچ ڕەوا نابینن بۆ خوێندن سەردانی دەرەوەی وڵات بکات».

## زۆربەی فەرمانگەکان فێڵی شەرعی دەکەن

سۆران عەلی تەمەن ٣٣ ساڵ فەرمانبەرەو وەك خۆی باسیکرد، یەکێکە لەو گەنجانەی کە لەلایەن بەڕێوبەرەکەیەوە لە پرۆسەی تواناسازی بێبەش کراوە، ئەو زۆر بەگلەییەوە لە پرۆسەکە دەڕوانێت و دەڵێت «بەداخەوە لە زۆربەی فەرمانگەکان لەکاتی دەسنیشانکردنی کاندیدەکانی تواناسازی بە ڕێگەیەکی شەرعییانە فێڵ و ساختەی زۆر دەکرێت، چونکە فەرمانگە ئازادە لەوەی کامە پسپۆڕی دەستنیشان دەکات، واتا پەرپرسی یەکەمی فەرمانگە، جا بەڕێوبەری گشتی بێت، یان وەزیر دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی لەم حاڵەتەدا یاری بە ئایندەی گەنج بکات».

## لەهەموو قۆناغەکان کۆمەڵگە ڕێگری جۆراوجۆر لە ئافرەتێك دەکات

سۆزان عارف سەرۆکی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕێژەی بەشداربووانی ئافرەت لە پرۆژەی تواناسازی بەبەراود لەگەڵ ڕێژەی پیاوان زۆر کەمترە، گوتیشی «ئەوە چەند لێکدانەوەیەکی بۆ دەکرێت، ڕەنگە سەرەکیترینیان ئەوە بێت کە هەمیشە لەنێو کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا بە کۆمەڵگەی کوردیشەوە بەهەمان شێوە بە بەردەوامی ئەو بیانووە دەهێننەوە کە ئەوە ژن بەتوانا نییە و زۆر کاری پێناکرێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە پرۆژەی تواناسازی زیاتر بۆ وڵاتانی دەرەوەیە و زۆر خێزان دەڵێن: ئافرەتی گەنج نابێت بەتەنیا سەفەربکات و بڕواتە دەرەوەی وڵات، کۆمەڵگەش هەر لەبنەڕەتەوە رەفزی ئەوە دەکاتەوە کە ئافرەتێك بۆ ئەوەی برەو بە تواناکانی خۆی بدات، ڕوو لە دەرەوەی وڵات بکات، واتا لەهەموو قۆناغەکان کۆمەڵگە ڕێگری جۆراوجۆر لە ئافرەتێك دەکات، کە شووی نەکردبێت، ئەگەر شووش بکات، ئەوکات دەوترێت چۆن دەبێت ژن و منداڵ و مێردەکەی بەجێبهێڵێت؟ ئەمانەی هەمووی ئەو فاکتەرانەن کە وادەکەن ئافرەتان بەشێوەیەکی گشتی کەمتر ڕووبکەنە پرۆژەی تواناسازی و بەشداری تێدا بکەن، خاڵێکی دی ئەوەیە کە ئەو لیژنانەی کە لە فەرمانگەکان فەرمانبەران بۆ پرۆژەی تواناسازی هەڵدەبژێرن، خۆیان بڕوایان بە توانای ئافرەت کەمە و پێیانوایە ناتوانن وەك پیاوان سوود لەو پرۆژەیە ببینن».

سۆزان ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئەم فاکتەرانە وادەکەن ئافرەتان کەمتر بتوانن لە پێکهاتەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە نزیك بکەوەنەوە، چونکە «بالانسی گشتییان» بەلاوە گرنگ نییەو «نازانن ئەگەر یەکێك لەڕەگەزەکان بەشدارییان نەکرد، ئەوکات کێشە دروست دەبێت».

ئەو پەرلەمانتارە پێیوایە پیادەکردنی سیستەمی کۆتا زۆر پێویستە بۆ ئەوەی باڵانسەکە رابگرن، گوتیشی «ئافرەتان مافی خۆیانە بەشێوەیەکی کاراتر لەو پرۆژانە بەشداربن و ڕێگەیان لێنەگیرێت».

سۆزان ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئەوان وەك ڕێکخراوی تواناسازی زۆر بە وردی کاریان لەسەر ئەوە کردووە کە «تواناکانی ئافرەت بەهێزو دەرفەتەکانیش یەکسان بکرێت».

## کچانیش لە پرۆژەی تواناسازی سوودمەند بوون

پەرلەمانتار پەیمان عەبدولکەریم، ئەندامی لیژنەی پەروەدەو خوێندین باڵایە لە پەرلەمانی کۆردستان و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «ئێمە لەیەکەم هەنگاوەکانی ئەم خولەی پەرلەمان پرۆژەی تواناسازیمان ئامادەکرد بۆ ئەوەی گەنجان ڕوو بکەنە خوێندن لە دەرەوەی وڵات و بودجەیەکی باشمان بۆ ئامادەکرد، لەکاتی داڕشتنی پرۆژەکەشدا هیچ جیاوازییەکمان لەنێوان ڕەگەزەکان نەکرد، چونکە ئێمە بە پێویستمان زانی هەردوو ڕەگەز هان بدەین بۆ ئەوەی بەردەوام بن لەخوێندنی باڵاو هەردوو ڕەگەز بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەر بنەمای پسپۆڕییەکان

فەرمانبەرێک:

**حکومەت فشاری نەخستووەتە سەر فەرمانگەکان بۆ ئەوەی فەرمانبەری خۆیان بەبێ جیاوازی ڕەگەزی بۆ پرۆژەی تواناسازی دەستنیشان بکەن**

سەرۆکی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان:

**ئەو لیژنانەی لەفەرمانگەکان فەرمانبەران بۆ پرۆژەی تواناسازی هەڵدەبژێرن، بڕوایان بەتوانای ئافرەت کەمەو پێیانوایە ناتوانن لە پرۆژەکە سوودمەندبن**

بەشــداربن». لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە بۆچی بۆ پڕۆژەی تواناســازی ڕەگەزی نێر زیاتــر دەرفەتی بۆ دەڕەخســێنن؟ پەرلەمانتار پەیمــان عەبدولکەریم گوتی «پڕۆژەی تواناســازی لە بنەڕەتــەوە پڕۆژەیەکە کە لە دەرەوەی وڵات دەبێت جێبەجێ بکرێت، ئەمەش بۆ کچی کــورد گرفتە، چونکە زۆر خێزان هــەن کە ئامادە نین کچەکەیان بــۆ خوێندن ڕوو لە دەرەوەی وڵات بکات، بەڵام نابێت ئەوەش لەیــاد بکەین کە کچانیش لەم پڕۆژەیە سوودمەند بوون، چەندین کچیشمان هەیە کە بەشــدارییان کردووە، واتا ئەگەر کچێك ئەو مەرجانەی تیدابێت، ئەوا بەشداری لەم پرۆژەیە کــردووە، مەرجەکانیش بۆ کوڕان و کچان وەك یەکن، شتێك نییە مەرجەکانی بۆ ڕەگەزەکان جیاکردبێتەوە». دڵخۆشــی خۆیشــی لەوە دەربڕی کە «تا ئێســتا هیچ سکاڵایەك نەکــراوە بۆ ئەوەی داوای پێداچوونەوە بەو بەرنامەیە بکەن».



**دەستنیشانکردنی کورسییەکان لەسەربنەمای زۆری ڕێژەی هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بووە**

د.عەبدولڕەزاق محەممەد مســتەفا، بەڕێوبەری گشتی پەرەپێدانی مرۆیــی لەوەزارەتی پلاندانان و بەرپرســی بەشــی پڕۆژەی تواناسازی، لە دەســتپێکی قسەکانیدا بۆ گوڵان هێمــا بۆ ئەوە دەکات کە چەنــد پێوەرێکیان بۆ وەرگرتنی گەنجان لە تواناسازی دەستنیشان کردووە، لەوانە: «تەمەن و ئاســتی زانستی و شوێنی کارکردن و نمرەی بەکالۆریۆس و کەسوکاری شەهید، کە بەم پێوەرانە کەسی کاندیدکراو دەتوانێ نمرەکانی کۆبکاتەوە، وتیشی «داوامان لەسەرجەم وەزارەتەکان کردووە لیژنەیەکی تایبەت بە پرۆســەی تواناسازی دروســت بکەن و بەشێوەیەکی شەفاف ئەو کورسیانەی کە بۆیان دەستنیشان کراوە پڕی بکەنەوە، هــەر وەزارەتێك چەندە ڕێژەی بەکالۆریۆســی زیاتر بێت ئەوەندە زیاتر کورســی بۆ دەستنیشــان کراوە، چونکە دەستنیشــانکردنی کورســییەکان لەوەزارەتەکاندا لەســەربنەمای زۆری ڕێــژەی هەڵگرانــی بڕوانامەی بەکالریــۆس بووە، داواشــمان لەهەمــوو فەرمانبەرانی هەرێمی کوردســتان کردووە، هەر کەسێك هەست دەکات ڕێگەی لێگیراوە لە پێشکەشــکردنی داوای وەرگرتن بۆ تواناسازی ڕاســتەوخۆ پێوەندی بە وەزارەتی پلاندانانەوە بکەن، بەشێوەیەکی زۆر ڕاشکاوانەش لە ڕێگەی لینکی تایبەت و بە شێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ گوێمان لە ســەرجەم ئەو ســکاڵایانە گرتووە کە بۆمان هاتووە و هەوڵی چارکردنیمان داوە، بۆ نموونە (٥١٣) ســکاڵامان پێگەیشــتووە، دوای بەدواداچــوون و لێکۆلینــەوەی راســتەوخۆ دوای ئامادەبوونمــان لەنوێنەری ســەرجەم وەزارەتەکان کردووەو ئەوانیش ڕوونکردنەوەی تەواویان داوە، ئێمەش توانیمان نزیکەی (١٠٣) سکاڵا چارەسەر بکەین و مافەکانیان بۆ بگێڕینەوە، دەتوانم بڵێم ئێمە لەم پرۆسەیە ١٠٠٪ سەرکەوتوو بووین، ئەو کەسانەش کە سکاڵاکانیان قبووڵ نەکراوە، وەڵاممان داونەتەوە کە بۆچی سکاڵاکانیان قبووڵ نەکراوەو هۆکارەکەمان خستۆتە بەردەمیان».

بەرپرسی بەشــی پڕۆژەی تواناسازی ئەوەشی خستەڕوو کە تەنیا لەیــەك حاڵەتدا وەزارەتــی پلاندانان نەیتوانیوە ڕۆڵــی خۆی ببینێت، ئەویش ئەوە بــووە کە نەیانتوانیوە دەستنیشــانی پسپۆڕییەکان بکەن، چونکە «پێمان وابووە ئەو حاڵەتە لە وەزارەتەکان باشــتر دەستنیشان دەکرێت». گوتیشــی «بێگومان دەرگا واڵا بــووە لەوەی کێ داوا پێشکەش دەکات، بۆ بەشــداریکردن لەم پرۆسەیەش ئێمە ڕەچاوی پســپۆریمان کردووە، نەك ڕەگەز، چونکە هەر وەزارەتێك بە ئێمەی گوتووە چەند پســپۆڕی پیۆیستەو ئێمە کارمان لەســەر کردووە، نەك لەســەر ئەوەی کە ئەو کەسەی داوا پێشکەش دەکات، چ ڕەگەزێکە»، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ڕێژەی بەشداریکردن لە پڕۆژەی تواناسازی (٢١٪) ڕەگەزی مێ و (٧٩٪) ڕەگەزی نێر بوون».

# هاوسەرگیری زۆرەملێ کچ بە قوربانی پیاوی بیرکۆڵیش دەکات



**هاوسەرگیری بەزۆر و پیادەکردنی کەلتووری دەسەڵات سەپاندنی رەگەزی نێر بەسەر رەگەزی مێدا، دیاردەیەکە لەسەردەمێکی کۆنەوە رەگو ریشەی چاندووەو تائێستا هەندێک لەکچانی کۆمەڵگە بەدەستیەوە دەناڵێنن، چونکە کچان وەکو ئامڕازێک لەلایەن باوک و براکانیان بەکارهاتوون، تەنانەت زۆرجار بەبێ ئەوەی دوارۆژی کچەکەیان لەبەرچاو بگرن، لە پیاوی بیرکۆڵ و عەقڵ شێواو و نەخۆشی دەروونی مارە کراون. بەڵام سیستەمی یاسایی و ئاینی و نەریتی کۆمەڵایەتی چ خوێندنەوەیەکی بۆ ئەو دیاردەیە هەیە؟ لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتە ڕاو سەرنجی خۆیان بۆ گولان دەخەنەڕوو.**

**لە کۆمەڵگەی ئێمە زیاتر گرنگی بە رووکەش و پلەوپایەی تاك دەدەرێ، نەك جەوهەری مرۆڤایەتییەکەی**

**ئەگەر ئیرادە و خواستی لەگەڵ بێت، ئاساییە کچ یان کوڕ لەگەڵ کەسێکی کەمئەندام یان تەنانەت نەخۆشی دەروونیش هاوسەرگیری بکەن**

### پێویستە هەرجۆرە هاوسەرگیرییەکی زۆرەملێ بە یاسا قەدەغە بکرێت

«هەر بڕیارێك فەرز بکرێ بەسەر مرۆڤدا، بێگومان جێگەی قبووڵ نییە، ئێمە هەمووەمان مرۆڤین و پێویستە رێگەمان پێبدرێت خۆمان بڕیاربدەین، من هەمووشتێکی بە زۆر لە ژێر هەر پاساوێکدا بێت، رەتدەکەمەوە، ئەو کارە دژی هەموو پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤەو نابێت بە زۆر ژن یان پیاو ناچار بکرێت بۆ هاوسەرگیری زۆرەملێ، چونکە گۆمانی تێدا نییە کە هاوسەرگیری لەوجۆرە شیرازەی خێزان دەپچڕێت وتووشی لێکترازانی دەکات». ئەوە دەستپێکی قسەکانی نووسەر و رۆژنامەنووس فازڵ قارەمانی بوو. جەختیش لەوە دەکاتەوە کە هاوسەرگیری دەبێت ئارەزوومەندانە بێت، بۆ ئەوەی بتوانن خانەوادەیەکی تەندروست پێکەوە بنێن، هیواشی خواست هەرجۆرە هاوسەرگیرییەکی زۆرەملێ بە یاسا قەدەغە بکرێت و هەر کەسێك ئەو یاسایە پێشێل بکات بە توندی سزا بدرێت».

فازڵ لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت «هەرچەندە لە دین من شارەزا نیم، بەڵام ئەوەی من بیستوومە لە مامۆستایانی ئایینی میانڕەو دەڵێن بەشوودانی کچ بەزۆرەملێ بە هیچ جۆرێك مارەیی نایەت، هەروەها هیوادارم رۆشنفکران، شاعیر و نووسەران و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەرنامەی تایبەتیان هەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك بۆ ئەوەی هیچ هاوسەرگیرییەکی زۆرەملێ روو نەدات، بەڵام ئەگەر ئیرادە و خواستی لەگەڵ بێت، ئاساییە کچ یان کوڕ لەگەڵ کەسێکی کەمئەندام یان تەنانەت نەخۆشی دەروونیش هاوسەرگیری بکەن».

### نەزانی و نەفامی کچ ئیستغلال دەکرێ

بەختیار گەردی بەڕێوەبەری کارگەی کۆکاکۆلایەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە «پیاوی کەمئەندام و تەنانەت بیرکۆڵ بە زەبری پارە ئافرەتی ساغ دەهێنێت و بە چەند شتێکی ماددی رازی دەکات و دەیخاتە ژێر رکێفی خۆی، بۆ مەبەستی منداڵخستنەوە یان جنس تێرکردن، بەڵام ئەو کەسەی بە پلەی یەکەم تاوانبارە کەسوکاری ئافرەتەکەیە کە بە زۆرلێکردن ئەوکارە ئەنجامدەدەن، چونکە ئەو ئافرەتە تا دەمرێت لە ژێر گوشاری دەروونی و جەستەیی ژیان بەسەر دەبات، وێڕای ئەوەی دەبێتە دیلی ئەو پیاوە»، ئەوەشی بە «ئیستیغلالکردنی نەزانی و نەفامی کچەکە» هەژمار کرد.

بەختیار لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەو ئامادەیە ژنێکی کەمئەقڵ، یان کەمئەندام بخوازێت؟ گوتی «بێگومان نەخێر، لەبەر ئەوەی حەزی خۆم لەگەڵ ئەوەدا نییە و ئەو جۆرە کەسە لەگەڵ پێداویستی من ناگونجێ و لە نەوەی ناکامیش بە دوور نابم».

توێژەری کۆمەڵایەتی ئەمیر میرانی، هێما بۆ ئەوە دەکات کە خواستی ئافرەت و پیاو بۆ هەڵبژاردنی ئەو کەسەی هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات، جیاوازی هەیەو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دی جیاوازە، گوتیشی «ئەگەر سەیری کۆمەڵگەی خۆمان بکەین، دەبینین زیاتر گرنگی بە رووکەش و پلەوپایەی تاك دەدەرێ، نەك جەوهەری مرۆڤایەتییەکەی، دەکرێ لە هەڵبژاردنی پرۆسەی هاوسەرگیری کوڕو کچەکانمان زیاتر تێبینی لەسەر مەسەلەیەك بکەین، ئەویش ئەوەیە هەرلە سەرەتاوە دایك و باوك بە منداڵەکانیان دەڵێن دەبێ هاوسەرەکەت جوان بێ، لە بنەماڵەیەکی شایستەو خانەدان و دەوڵەمەند بێ و .. هتد، بێگومان بتەوێ یان نەتەوێ ئەم وشانە کاریگەری لەسەر هەست و نەستی کەسەکان دەبێت، بۆیە دەتوانین بڵێین کەلتوور و ئەم شێوازە بیرکردنەوەیەمان تاڕادەیەك کاریگەری هەیە».

ئەمیر میرانی سەبارەت بەوە کە بەشێك لە کچان لەوانەیە گوێ نەدەن بەوەی ئەگەر هاوسەرەکەیان ناتەواوییەکی لە جەستەی یان دەروونی هەبێ، وتی «یەك لەو هۆکارانە ناسکی بەزەیی و هەست و سۆزی ئافرەتە، بۆ نموونە پیاوێکی کەمئەندام



داوا لەکچێك دەکات بۆ هاوسەرگیری، بەزەیی و لایەنی دینی ئەم ئافرەتە وادەکات رازی بێت، چونکە پێیوایە کارێکی خێری گەورەی کردووە، ئافرەتیش هەیە پێیوایە هاوسەرەکەی لەو جوانتر نەبێ باشترە، تاوەکو منەتباری نەبێت، یان ژنێکی تری بەسەر نەهێنێ». سەبارەت بەپیاوانیش کە بۆچی کەمتر ئافرەتی کەمئەندام دەهێنن سەرەڕای ئەوەی ئەگەر خۆیان کەمئەندامیش بن، ئەو توێژەرە گوتی «هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەوەندەی پیاوان گرنگی بەلایەنی روخسارو لایەنی سێکسییان دەدەن کە هاوسەرەکەی جوانترین و بێ خەوش و کەموکورتی بێ، ئەوەندە لایەنی بەزەییبوون و دەروونی ژنەکەی بەلاوە گرنگ نییە، وێڕای هەموو ئەوانەش رۆژانە چەندین نموونەی بەرز و جوان دەبینین، چ بۆ پیاوبێ یان بۆ ژن، کە بێ گوێدانە کەموکورتییەکانی جەستەیی لایەنێکیان، بەختەوەرترین ژیانی هاوسەرییان هەیە».

### ئەوەی ببێتە هۆکاری هاوسەرگیری بە زۆرەملێ ٣ تا ٥ ساڵ زیندانی دەکرێت

گەیلان سەید ئەحمەد دادوەری دادگای باری کەسی یەکەم،

لە ڕووی یاسـاییەوە بابەتی ئەم ڕاپۆرتـە تاوتوێ دەکات و دەڵێـت «هەر مارەکردنێکی کچ بە وەکیل، ئەگەر ڕەزامەندی کچەکەی تێدابێت، مارەکردنەکە دروستە ئەگەر ئەو پیاوە هەر عەیبێکیشـی هەبێت، حاڵەت هەیـە پیاوەکە کەمئەقڵ بووە، بەڵام ئافرەتەکە پێـی ڕازی بووە، لێرەدا دادگا ناتوانێ هیچ تەدەخولێك بكات، چونکە کچە هیچ سکاڵایەکی نییە، بەڵام ئەگەر کچ لای ئێمە سـکاڵا بکات کە بـە زۆر مارەکراوە، ئەوکات ئێمە بۆمان هەیە تەدەخولی ئەو زەواجە بکەین، دیارە هەر هاوسەرگیرییەك بەزۆر بکرێت، بەپێی یاسا مارەکردنەکە بەتاڵە، ڕەنگە ئەو کچە یان ئەو ئافرەتە لەلایەن باوکیەوە تەهدید کرابێت کە قسە نەکات، بۆ نموونە حاڵەتی جیابوونەوە هەبووە، پیاوەکـە هاتۆتە لای ئێمە و گوتوویەتی من و هاوسـەرەکەم یەکترمان دەوێت و منداڵمان هەیە، بەڵام هاوسـەرەکەم لە ژێر گوشـاری دایك و باوكی داوای تەڵاقم لێدەکات، کە بانگی ئافرەتەکە دەکەم ئـەو دەڵێ وانییە، جا نازانم ئایا لە دەرەوەی دادگا کەسوکاری هەڕەشەیان لێکردووە، یان نا کە ئەو قسەیە



بکات، بەڵام لە ماددەی ٩ ی یاسـای باری کەسیدا هاتووە کە هەر زەواجێك بە زۆرەملێ ئەنجامبدرێت ئەوا ئەو گرێبەستە بەتاڵە، ئەوکەسەش ئەگەر باوك و برا بێت یان بێگانە بێت، بۆ ماوەی ٣ تا ٥ ساڵ زیندانی دەکرێت.

**باوك و براكان گوێ بەیاساكان نادەن**

لەلای خۆیـەوە پەرلەمانتار ژیان عومەر شـەریف ئەندامی لیژنـەی کاروبـاری کۆمەڵایەتـی و منـداڵ و خێزان، لە ئاخافتنێکیـدا بۆ گوڵان سـەبارەت بە هەمـان پرس گوتی «لەپەرلەمانی کوردسـتان دووسـاڵ پێش ئێسـتا یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی خێزانیمـان دەرکرد، یەکێك لەبڕگەکان باس لە سـزادانی ئەو کەسـانە دەکات کە کچ بە زۆر و بەبێ ڕەزامەندی خۆیان بەشـوو دەدەن، بەڵام بەداخەوە باوك و براكان گوێ بەیاسـاكان نـادەن، بەڵكو تەنیا حوکمی پیاوسالاری خۆیان جێبەجێ دەکەن».

ئـەو پەرلەمانتارە چارەسـەرکردنی کێشـەکە بـە ئەرکی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەزانێت و داوا دەکات پشتگیری ئـەو کچانە بکەن کە بە زۆرەملێ بە شـوو دەدرێن، «بەڵام لەچارەسـەرکردنی کێشـەکان ئەو ڕێکخراوانە ڕێگە نەدەن توندوتیـژی خێزانی لێبکەوێتەوە، بەڵکو بە ئارامی لەگەڵ باوك و براکانیان دابنیشن و گفتوگۆ بکەن»، باسی ئەوەشی کرد کە تەنانەت لە یاسـاکەدا گـەورە بە گچکە و ژن بە ژن و بەزۆر بەشـوودان بەتاوان هەژمار کراوە، گوتیشـی «کـچ دان بە پیاوی کەمئەقڵ تاوانێکی گەورەیە دەرهەق ئافرەتـان دەکرێت، زۆرجار وابووە کە ئـەو ئافرەتە پەنا بۆ حکومەت دەبات، باوك و براکەی توندوتیژتر دەبن لەگەڵی و کاردانـەوەی خراپتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، خۆشـمان ڕۆژانە دەبینین چەندیـن ئافرەت بە ناهەق دەکوژرێت، ئەو کوشـتنەش لەسەر شتی زۆر ئاسـایی بووە، بۆیە پێویستە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کارەکانیان لەسـەر ئەو بابەتە چڕتر بکەنەوە بە دانیشـتن و گفتوگۆ لەگەڵ کەسوکاری کچە چارەسەری کێشەکەی بکەن».

**مەلا و دادوەریش ئەگەر بە زۆرلێکردن کچ بدەن بەشوو تاوانبار دەبن**

مسـتەفا عەبدوڵڵا قوتابی ماستەر لە ڕەوشت و پەروەردەی ئیسـلامی، هێما بۆ ئەوە دەکات کـە مارەبڕینی ئافرەت و هاوسـەرگیری گرێبەسـتێکە لە نێوان پیاو و ئافرەتەکە، بۆیە پێویسـتە ڕەزامەندی هەردوولای لەسـەربێت، کاری باوکـی کچەکە یاخود سەرپەرشـتیاری تەنها ڕاپەڕاندنی مارەبڕینەکەیە، هەروەها ڕادەربڕینە لەسـەر چاکی و باشی کەسـی داخوازیکار، بەڵام ئەگەر ئافرەت بە زۆر بەشـوو درا، یان پیاوەکە لە ئاسـتی کچەکـە نەبوو، چ لە ڕووی زانستی یان جەسـتەیی و ژیری و عەقڵی بێت ئافرەتەکە بۆی هەیە لەڕووی شـەرعەوە داوای هەڵوەشاندنەوەی مارە بڕینەکە بکات، چونکە هاوکوفی یەکتر نین». گوتیشـی «وەکیل واتا لەبری ئافرەتەکە بڕیار دەدات جا مامۆستاش دوو کەس وەك شـاهید دەنێرێت لەگەڵ سەرپەرشـتیاری کچەکـە ئیزنـی وەکالەتی لێوەر دەگرن ئـەوکات کچەکە دەتوانێ وەکالەت نەدات، یان بڵێت من بەو مارەبڕینە ڕازی نیـم، ئەگەر بـەزۆر پێیان کرد، دەتوانێ شـکات بکات و مارەبڕینەکە هەڵوەشـێنێتەوە، بەڵام ئەگـەر نەیتوانی ئەوا سەرپەرشـتیارەکە تاوانبـار دەبێت چونکـە نەیتوانیوە ئەم ئەمانەتـە خودایيە بپارێزێت، ئەگـەر مەلا و دادوەریش بە زۆرلێکـردن لە کچ بزانێت و مارەی بکات، تاوانبار دەبێت، چونکە یارمەتی ناهەقی داوە، گرنگترین شت لەم پرۆسەیە ڕەزامەنـدی هەردوولایـە، چونکە ئـەوان ژیانێکی نوێ بۆخۆیـان پێکدەهێنن، جا داواکارین لـە باوکان و برایان بە هیچ شێوەیەك ڕێگر نەبن لە خواستی کچ و خوشکەکانیان، مادام لە سنووری شەریعەتی ئیسلام نەچنەدەرەوە، چۆن بۆ خۆیان هەوڵدەدەن و چییان بۆخۆیان پێ خۆشـە، ئەوەشیان بۆ ئەوان بوێت، پێغەمبەر درودی خوای لێبێت دەفەرموێت (لايؤمـن احدكم حتى يحب لاخيه ما يحب لنفسـه) واتا ئیمانت تەواو نابێت تا ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشـە بۆ برا کەشت پێت خۆش بێت».

**پێویستە هەرجۆرە هاوسەرگیرییەکی زۆرەملێ بە یاسا قەدەغە بکرێت و هەر کەسێک ئەو یاسایە پێشێل بکات بە توندی سزا بدرێت**

**بە پێی ماددەی ٩ی یاسای باری کەسی هەر هاوسەرگیرییەک بە زۆرەملێ ئەنجامبدرێت، ئەو گرێبەستە بەتاڵە، ئەوکەسەش ئەگەر باوک و برا یان بێگانە بێت، بۆ ماوەی ٣ تا ٥ ساڵ زیندانی دەکرێت**